
دڵی ڕۆژهەڵات

**شـــەو ئـاڵ**

لام وایە ملوانکەیەکم لەملتا
یانترووکانی ئازار لەناختا،
کاتێك، نەبەفر دەبارێ و
نەهەوا دەمێنێ،
تۆ سەر دەر دەکەی
لەهەوارێ دەردەکەوی کەپرییەتی لەمن و
خاڵی خالیە لەتۆ.

شـــەوی ئـاڵ
ملوانکەیەکم لەجنسی ئاو و
لەجنسی فریشتە و
سەوز کردنی شەوی تاریك و
گۆڕینی ڕەنگی چاوت،
بۆ ڕەنگی زمانم.

شـــەوی ئاڵ
لەشەودا ملوانکەیەک لەنیگاکانت دەهۆنمەوە و
شەوی خۆم و
ڕۆژی تۆی پێ دەڕازێنمەوە.

لەشـــەوی ئـاڵدا

کزەبایەک بۆ ساڵی دەکەم بەدیاری

و

ڕۆژی نوێی خۆم و مانگی تۆی تۆی پێدەڕازێنمەوە،

لەساڵی نوێدا،

تۆ دەکەم بەپادشای باران و

خۆشم دەبمە کەنیزەکی ماڵی بەفر.

سـلێمانـی

دڵـــی ڕۆژهـــەڵات